من وێژەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە یەک تەشتدا خۆمان دەشۆرد، هەردووکمان لەشگران بووین، فەرمانی پێدەکردم ئیزار^ بپۆشم، ودەهاتە لام لە کاتێکدا من لە سووڕی مانگانەدا بووم

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «من وێژەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە یەک تەشتدا خۆمان دەشۆرد، هەردووکمان لەشگران بووین، فەرمانی پێدەکردم ئیزار^ بپۆشم، ودەهاتە لام لە کاتێکدا من لە سووڕی مانگانەدا بووم، وسەری دەردەکرد کاتێک لە ئیعتیکاف بوو؛ منیش دەمشۆرد لەکاتێکدا لە سووڕی مانگانەدا بووم». ^(ئیزار: جلێکە لە بەشی ناوەڕاست بەرەو خوارەوەی لاشە دا دەپۆشێت).

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی هەندێك حاڵەتی تایبەتی خۆی دەکات لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، لەوانەش: ئەو خۆی دەشۆرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی لەشگران بوونیان ؛ لە یەك تەشت ئاودا، وهەردوویان ئاویان لێدەردەهێنا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە بچێتە لای لەکاتی سوڕی مانگانەدا ؛ فەرمانی پێدەکرد بەوەی لە ناوکەوە هەتاوەکو ئەژنۆی دابپۆشێت، ودەچووە لای بەبێ جووتبوون، و-صلى الله عليه وسلم- ئیعتیکافی دەکرد لە مزگەوتدا، سەری دەردەکرد بۆ عائیشە وئەویش سەری دەشۆرد؛ لەکاتێکدا لە سوڕی مانگانەدا بوو لە ماڵەکەیدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3476